دکتور سا لح ئیبراهیمی



## سوورەی کافرون

**سوورەی کافرون لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۶ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

بڵێ: ئەی خوانەناسەکان ﴿١﴾ ئەوەی کە ئێوە دەیپەرستن، من ناپەرستم ﴿٢﴾ نە ئێوەیش ئەوەی کە من دەیپەرستم، دەیپەرستن ﴿٣﴾ نە من پەرستندەی ئەوەم کە ئێوە دەیپەرستن ﴿۴﴾ ئەوەی ئێوەیش پەرستووتانە من ناپەرستم ﴿۵﴾ (ئێستا کەوایە) دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم ﴿۶﴾

## سوورەی نەسر

**سوورەی نەسر لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

هەر کاتێ یارمەتی خودا گەیشتە ئێوە و سەرکەوتن ﴿١﴾ خەڵکیشت دی کە پۆل پۆل دێنە نێو دینی خوا ﴿٢﴾ جا بێخەوشی پەروەرێنەرت بڵێ، لێبوردنی لێ بخوازە، بێگومان خوا فرە بە چاکی پەشیمانی پەشیمانبووان قەبووڵ دەکا ﴿٣﴾

## سوورەی مەسەد

**سوورەی مەسەد لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۵ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

هەر دوو دەستی ئەبوولەهەب شەل و بەبڕین چێ (و مەرگی بۆ بێ) ﴿١﴾ ماڵ و سامانی و ئەوەی کە بە دەستی هێنابوو، سوودی پێنەبەخشی ﴿٢﴾ هەربینا بەم زووانە دەکەوێتە نێو ئاگری بڵێسەدار ودەسووتێ ﴿٣﴾ ژنەکەیشی دەسەچیلە بە کۆڵ دێنێ و دارکێشە ﴿۴﴾ گورزەهۆن و جۆرێ گوریسی سیرمەی دوو جار بادراوی لە ملدایە ﴿۵﴾



Dr. Saleh Ebrahimi